# چەند) ئایەتێکم بەسەردا دابەزیووە خۆشەویستترە لەلام زیاتر) لە هەموو دونیا

لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «کاتێك ئەم ئایەتانە دابەزی: (إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُبِينًا لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ) هەتاوەکو (عِنْدَ اللَّهِ فَوْزًا عَظِيمًا [الفتح: 1-5]، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وهاوەڵەکانی گەڕانەوە لەپاش تەواوبوونی ڕێکەوتنامەی حودەیبیە؛ لە ڕێگادا هاوەڵان تووشی غەم وخەفەتێکی زۆر بوون، بەتایبەتی پاش ئەوەی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- قوربانیە دیارییەکانی سەربڕی لە حودەیبیە وگەڕایەوە بۆ مەدینە، وفەرمووی: «(چەند) ئایەتێکم بەسەردا دابەزیووە خۆشەویستترە لەلام زیاتر لە هەموو دونیا».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

ئەنەس -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: کاتێك ئەم ئایەتانە دابەزی بۆ سەر پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-؛ کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحًا مُبِينًا * (ئەی پێغەمبەر ﷺ) بێگومان ئێمە سەرکەوتنێکی ئاشکرامان پێ دایت (کە ڕێکەوتنی حودەیبیەیە) (١) لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَاطًا مُسْتَقِيمًا * تا خوا خۆش ببێت لە گوناهەکانی ڕابردوو وداهاتووت وە نیعمەتی خۆی بەتەواوی بڕژێت بەسەرتدا وە ڕێگای ڕاستت نیشان بدات (بەردەوامت کات) (٢) وَيَنْصُرَكَ اللَّهُ نَصْرًا عَزِيزًا * وە خوا سەرت بخات بەسەرکەوتنێکی باڵادەستانە (٣) هُوَ الَّذِي أَنْزَلَ السَّكِينَةَ فِي قُلُوبِ الْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوا إِيمَانًا مَعَ إِيمَانِهِمْ وَلِلَّهِ جُنُودُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَكَانَ اللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا * ئەو خوا زاتێکە ئارامی دابەزاندووەتە ناو دڵی ئیمانداران تا ئیمانیان زیاد بکات لەگەڵ ئەو ئیمانەی کە هەیانە، تەنها هی خوایە سەربازانی ئاسمانەکان وزەوی وە هەمیشە خوا زانا وکاردروستە (٤) لِيُدْخِلَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا وَيُكَفِّرَ عَنْهُمْ سَيِّئَاتِهِمْ وَكَانَ ذَلِكَ عِنْدَ اللَّهِ فَوْزًا عَظِيمًا * تا پیاوان وئافرەتانی باوەڕدار بباتە بەهەشتانێك کە ڕووبارەکان بەژێریاندا دەڕوات بەهەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە وەتا لەگوناهەکانیان خۆش ببێت وە ئەم (بەڵێنە) لای خوا سەرکەوتنێکی گەورەیە ﷺ [الفتح: ١-٥]، کاتێك لە پەیمانی حودەیبیە گەڕایەوە؛ هاوەڵان تووشی غەم وپەژارەیەکی زۆر بوون، چونکە ڕێگەیان پێنەدرا عومرە ئەنجام بدەن بەهۆی ئەو پەیمانەوە، وێڕای وابوو پەیمانەکە لە بەژرەوەندی مسوڵمانان نییە، لەکاتێکدا ئەوان قوربانیشەکانیشیان سەربڕی بوو لە حودەیبیە، بەڵام پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: چەند ئایەتێکم بەسەردا دابەزیووە خۆشەویستترە لەلام زیاتر لە هەموو دونیا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65787